# پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی

یەحیا وەهاب
(کەلار)

لەکاتێکدا پێویستە ئەو ڕاستییە مێژوویی و زانستییە بزانین کە ((پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونزانی ڕیشەیەکی قووڵ و دووردرێژی هەیە، لەگەڵ سەرەتاکانی ئەدەب و دەربڕینە سەرەتاییەکانیدا یەکانگیرە)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٢، ٧٣)، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات بۆ ئەوەی بتوانین بچینە نێو باسەکەمانەوە، واتە پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی ڕوون بکەینەوە، سەرەتا پێویستمان بەوە دەبێت، بزانین زاراوەی دەروونناسی لەچییەوە هاتووە، دواتر چەمک و پێناسەی ئەم زانستە دەرک بکەین، ئەمەش کۆمەکمان دەکات لەوەی بەوردی لە ناوەرۆکی ئەم تەوەرەی باسەکەمان تێ بگەین، هەنگاوی دواتریشمان بریتی دەبێت لە ڕوونکردنەوەی چەمکی ئەدەب و ئەوجا خستنەڕووی پێوەندییەکەی لەگەڵ ئەم زانستەدا (دەروونناسی).

وەک لە سەرچاوە جیاجیاکاندا هاتووە، ((زاراوەی دەروونناسی(١) Psychology - لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە Psycho کە بە واتای دەروون دێت، بەشی دووەمیش Logy مانای زانست، یان لێکۆڵینەوەی زانستی دەگەیەنێت...)) (عبدالخالق، ٢٠٠٥، ٢١) ڕاستییەکەی چەندان پێناسەی جیاواز بۆ ئەم زانستە خراونەتەڕوو، هۆی ئەمەش بۆ زۆری قوتابخانە دەروونناسییەکان دەگەڕێتەوە، ((زۆری قوتابخانە دەروونییەکانیش بۆ جیاوازی بیروڕای دەروونناسەکان دەگەڕێتەوە، کە توێژینەوەکانیان لەسەر کردووە، بەڵام سەرەڕای جیاوازیی

قوتابخانە دەروونییەکان، لە هەندێ لایەنەوە لە یەکتری نزیک بوونەتەوە.)) (سەعدون، ٢٠١٥، ١٩) لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەیەکی کورت و پوخت بۆ دەروونناسی بخەینەڕوو: ((دەروونناسی زانستی لێکۆڵینەوەیە لەلایەنی ناجەستەیی مرۆڤ، واتە هەوڵدانێکە بە ئاراستەی تێگەیشتن لە دیوی گیانی و هزریی مرۆڤ، هەروەها شیکردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و ڕەفتارەکانی ئەم بوونەوەرە.) (ابراهیم، ١٩٨٥، ٣١)

بەڵام لێکۆڵینەوە لە دۆخی گیانی و هزریی مرۆڤ کارێکی هەروا ئاسان نییە، بۆیە لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی ((زانستی دەروونناسی هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە، چونکە لەوە دڵنیابوو مامەڵەکردن لەگەڵ خودی دەروون خۆی زۆر ئەستەمە و ناکرێت، بۆیە دەبێت بە شوێن لێدەرچوونەکانیدا بڕۆین هەتا لەڕێگەی ئاماژەکانییەوە کە خۆی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و گوتە و چالاکییەکانی مرۆڤدا دەبینێتەوە، خۆی مانیفێست بکات و وەک زانستێک خۆی دابڕێژێت.)) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٠) لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە دەروونناسی لە دوو ڕوانگەوە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ دەکات، ((یەکەم لەڕووی ڕەوشتەوە و دووەم لەڕووی کردارەکانی هۆشەوە کە هەموو جۆرە بیرکردنەوەکان و هەست و سۆز و... دەگرێتەوە.)) (صلیوە، ٢٠١٣، ١٧)

کەواتە ئەگەر بمانەوێ کۆی گرنگی پێدانەکانی دەروونناسی بە لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، بخەینەڕوو، ئەوە دەتوانین لە چوارچێوەی چەند خاڵێکدا بەم شێوەی لای خوارەوە، گەڵاڵەیان بکەین:

(١) ڕەفتارەکانی مرۆڤ و جۆرەکانی.

(٢) هەڵچوونەکان و هەست و سۆزی مرۆڤ.

(٣) پرۆسە عەقڵییەکان وەک درککردن و بە ئاگایی و بیردکرنەوە.

(٤) جیاوازیی تاکەکەسی.

(٥) پێوەندی تاک لەگەڵ دەوروبەری و کاریگەرییەکانی نێوانیان.

(٦) گەشەی دەروونی لە قۆناغە جیاجیاکاندا.

(٧) دروستی دەروونی و کێشە دەروونییەکان.

(٨) لایەنە پراکتیکییەکانی دەروونزانی لە بواری پەروەردە و بەڕێوەبردن و جەنگ و هونەر و تاوان و پزیشکی و... تاد. (عەزیز، ٢٠١٢، ١٨)

ئەوجا بۆ ئەوەی تەواوی جەمسەرەکانی پێوەندی نێوان دەروونناسی و ئەدەب دەرک بکەین، پێویستمان بەوەیە ئەدەبیش وەکوو ئەوەی هەیە و باسی لێوەدەکرێ، بیناسین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە خستنەڕووی پێناسەیەکە بۆ ئەدەب، بەڵام دیسانەوە ئەدەبیش چەندان پێناسەی بۆ کراوە ((هەندێک دەڵێن ئەدەب ئاوێنەیە، دیارە ئەم زاراوەیە هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا ئێستاش دووبارە دەکرێتەوە، بەڵام ئایا ئەم ئاوێنەیە، ئاوێنەی دەروونی نووسەرە، یان ژینگە و دەوروبەر تێیدا ڕەنگ دەداتەوە... هەندێکی تر دەڵێن: ئەدەب وێنەیە، بەڵام ئایا ئەم وێنەیە، وێنەی کرداری کەسایەتییە، یان وێنەی ژیانی نووسەرە... هەندێکیش دەڵێن: ئەدەب لاساییکردنەوەیە و هەندێکی تریش بە گوزارشتکردنی لە قەڵەم دەدەن، هەروەها هەندێکیش پێیانوایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە، یان دەڵێن: ئەدەب کیانێکی زمانەوانییە...)) (ئەلمازی، ٢٠١٠، ١١) کەواتە ئەدەب بۆخۆی چەمکێکە خاوەن سروشتێکی دیالەکتیکییە، بەوەی ناتوانین لە چوارچێوەی تەنیا یەک پێناسەدا قەتیسی بکەین، بەڵام لە هەر جۆرە هەوڵێکدا بۆ پێناسەکردنی ئەدەب، دەبێ پەنا ببەینەبەر چەند لایەنێکی وەک ((سەرهەڵدانی ئەدەب و سروشتی ئەدەب و ئەرکی ئەدەب)) (ویلیک و وارین، ؟، ١٩، ٢٥، ٣١) ئەمەش ڕێگەچارەیەکی گونجاوە بۆ ناسینی خودی چەمکی ئەدەب.

لێرەوە ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین

پێوەندییەکی پتەو لەنێوان هەریەک لە ئەدەب و دەروونناسیدا هەیە، بەو پێیەی هەریەک لەم دووە دەچنەوە سەر کێڵگەی زانستە مرۆییەکان و لەو زەمینەیەوە نەشونما دەکەن، ((ئەدەب و دەروونناسی یەک ڕێڕەوویان هەیە، یان بڵێین هاوگەشتن، لە باسکردنی هەر بنەمایەک لە بنەماکانی ئەدەب: نووسەر، کاری ئەدەبی، خوێنەر، بەپێی پێویست بەرەو باسکردنی حاڵەتی دەروونی و لایەنی ویژدانی داهێنەر و خوێنەر دەبات.)) (صلیوە، ٢٠١٠، ٢٣)

لەم بارەیەوە کۆنترین تێڕوانینی دەروونی بۆ ئەدەب، بۆ سەردەمی (ئەفلاتوون) دەگەڕێتەوە، کە ((بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە ئەدەب کار دەکاتە سەر مرۆڤ، هەربۆیەش لە کۆمارە نموونەییەکەیدا کۆتێکی گەورە دەخاتە پێی شاعیران و پەیڕەوێکی توندوتۆڵیان بۆ دادەنێ کە نابێ شاعیران لێی دەرچن.)) (سەعدون، ٢٠١٥، ٤٣) هەروەها (ئەرستۆ)یش وەک ئەفلاتوون باس لەوە دەکات، کە ((ئەدەب کار لە مرۆڤ دەکات و دەیهەژێنێ، بەڵام لە بواری کاریگەرییەکەیدا ڕای جیاوازیان هەیە، بەلای ئەفلاتوونەوە کاریگەرییەکە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی هەیە کە لە میانەی خستنەڕووی تێڕوانینەکانییەوە بایەخی بە لایەنی پاکسازیی دەروونی داوە، بەڵام ئەرستۆ باوەڕی وایە کە کاریگەری ئەدەب لە بابەتی تراژیدیادا بە ڕادەیەک لەسەر مرۆڤ دەردەکەوێت کە دەبێتە هۆی گەشەکردنی سۆزی بەزەیی و ترس. کاریگەرییەکەشی لەوەدایە کە وا دەکات بینەر (وەرگر) بەهێزتر بێت، ئەویش لەڕێگەی پاکژکردنەوەوە...)) (سەعدون، ٢٠١٥، ٤٦) هەرچی تێڕوانینی نوێیە لەبارەی پێوەندی نێوان دەروونناسی و ئەدەبدا، ئەوە لەڕێگەی بۆچوونەکانی (فرۆید)ـەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەمەش بەو پێیەی کە ((فرۆید خوێنەرێکی زۆر چاکی کتێبە ئەدەبییەکان بوو، جارێکیان لێی دەپرسن، کێن ئەو مامۆستایانەی کاریان لە پێکهاتەی تۆدا کردووە، ئەویش ئاماژە بۆ کتێبخانەکەی دەکات، کە ژمارەیەکی زۆر لە شاکارە ئەدەبییە جیهانییەکانی تێدا ڕیز کرابوون.)) (ئەسوەد، ٢٠١١، ١١٦)

بۆیە فرۆید سوودێکی زۆری لە ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان وەرگرتووە و توانیویەتی پەنا بباتەبەر ((جیهانی هونەرمەندان و ئەدیبان بۆ ئەوەی لەنێو بەرهەمەکانیدا بەدوای وردەکارییەکانیاندا بگەڕێت و ئەو ڕەمزانەی کە بەکاریان هێناوە، شییان بکاتەوە، تاکوو ژیانی نووسەران و هونەرمەندان ڕوون بکاتەوە و شیکاریی کەسێتییەکانیان بکات، لەم ڕووەوەش بەرهەمەکانی سۆفۆکلیس و داڤنشی و شکسپیر و دەستۆیڤسکی شی کردووەتەوە.)) (سەعدون، ٢٠١٥، ٣٧) بەلای فرۆیدەوە ئەدەب و هونەر بەگشتی ((شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی ئەو ئارەزووە چەپێندراوانەی ناخی مرۆڤ و وێنەیەکە لە وێنەکانی خۆدەربازکردن لەو دیاردە چەپێندراوانە لە نەستی عەمبارکراودا.)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٣، ٣٤) کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ((پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسی شتێکی ئاشکرا و بەڵگەنەویستە، زانستی دەروونی بەدوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە، یان بەپێچەوانەوە، یان کاریگەرییەکە دوولایەنەیە، دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش دەروون دروست دەکات. ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێ تاکوو دڵ و دەروون ڕووناک بکاتەوە، دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکوو ئەدەب بێنێتە ئاراوە.)) (صلیوە، ٢٠١٠، ٢٢-٢٣)

ئەم دید و تێڕوانینەش لەو کاتەوە لەنێو تیۆرە ئەدەبی و میتودە ڕەخنەییەکاندا چەسپاو و جێگیر بوو، کە دنیای لێکۆڵینەوەی زانستی لەبواری دەروونناسی و ئەدەبییاتدا، بە دید و بۆچوونەکانی فرۆید ئاشنا بوو، بۆیە دەتوانین

بڵێین: ((فرۆید لە پێشەنگەکانە کە بە تیۆری و پراکتیکی پێوەندی دەروونناسی بە ئەدەبەوە بەهێز و جێگیر کرد.)) (سەعدون، ٢٠١٥، ٣٧) ئەمەش لە تەوەرەکانی دواتری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر ڕوون دەکەینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین سەرجەم هەڵوێستی فرۆید دەربارەی مرۆڤ، بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: ((مرۆڤ بریتییە لە بوونەوەرێکی دەروونی، لەگەڵ ئەوەی بوونەوەرێکی ئۆرگانییە، ئەگەرچی ئەم دیاریکردنە جۆرێک لە دوالیزمی تێدایە، بەڵام هەردوو بوونەوەرە ئۆرگانی و دەروونییەکە، کاریگەریی لەسەر یەکتری دادەنێن، هەڵەیە ئەگەر وابزانین، ئەمانە بە تەواوەتی لەیەکتری دابڕاون...)) (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٧، ٥٢)

## دەروونشیکاریی وەک میتودێکی ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێرن توانیویەتی بەسوود وەرگرتن لە بوارەکانی تری زانست، کۆمەڵێک تیۆر و میتودی گرنگ بخاتە خزمەتی پرۆسەی ڕەخنەییەوە، هەروەک ئەوەی لە پێوەندی نێوان ئەدەب و دەروونناسییەوە میتودی دەروونشیکاریی سەری هەڵداوە و ئەم میتودە یەکێکە لەو ڕێبازانەی کە دەتوانێت بەشێوەیەکی ورد و قووڵ لە خودی داهێنەری ئەدەبی بکۆڵێتەوە و ڕووکاری دەقەکان بەتەواوەتی ئاشکرا بکات، هەربۆیە ((خوێندنەوەی تێکستەکان بەپێی میتودی سایکۆلۆژی چەندان دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە بۆ بینینی لایەنە نادیار و شاراوانەکانی و هەروەها بۆ خستنەڕووی دەرکەوتەکانی ئاگایی و نائاگایی کۆ لە ناواخنی تێکستدا، لێرەدا ڕەخنەی ئەدەبی دەچێتە نێو ئەو پێوەندییەی لەنێوان ستایلی سایکۆلۆژی و ڕەفتاری مرۆڤدا هەیە.)) (١)

وەک پێشتریش ڕوونمان کردەوە، پێوەندی ئەدەب و دەروونناسی ڕەگێکی مێژوویی دووری هەیە، بەڵام دەرکەوتنی دەروونشیکاریی وەک میتودێکی ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەندە کۆن نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا سەری هەڵداوە کە دەروونناسان بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆیان پەنایان بردووەتە بەر بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان، بەتایبەت ((لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی دەروونناسیی شیکەرەوەیی لەسەر دەستی سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩) و بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوەکانی لەم بوارەدا ئەم میتودە ڕەخنەییە وردەوردە پەرەی سەند و سەری هەڵدا، بەتایبەتی کتێبەکەی بەناوی (لێکدانەوەی خەونەکان) لەساڵی ١٨٩٩، لەم لێکۆڵینەوەیەدا فرۆید باسی هەرسێ لایەنی دەروونی (من و منی باڵا و ئەو) و کاریگەری نەست (نائاگایی) لە ئاکاری مرۆڤ و چالاکییە جیاوازەکانی و ئەو گرێ و نەخۆشییە دەروونییانەی کردووە کە تووشی مرۆڤ دەبن.)) (٢)

بۆیە لەم ڕوانگەیەوە سەرنج دەدەین، لەوەی ((پێشکەوتن و پەرەسەندنی دەروونناسی و لاکردنەوەی ڕەخنەگران لە بەکارهێنانی چەمک و زاراوە دەروونییەکان بەشێوەیەکی زیاتر کاریگەری دەروونناسی بەسەر ئەدەبدا ڕوون دەکاتەوە.)) (٣)

هەر بە هەمان مەبەستیشە، کە ((زانایانی دەروونناسی بەزۆری ئەدەبیان هەڵبژاردووە وەک ماددەیەک بۆ بابەتە دەروونییەکانیان و لە دووتوێی توێژینەوەکانیاندا لەنێو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا گەلێ ڕاستیی دەروونییان هەڵێنجاوە، کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە، بەڵگەش لەسەر ئەوە دانپیانانەکانی خودی فرۆیدە کە دەڵێت: نووسەران لەپێش ئەودا ئاستی نائاگاییان دۆزیوەتەوە.)) (٤) چونکە ڕاستییەکەی ((ئەدیبان بێ ئەوەی پێ بزانن، نائاگایی قووڵی خۆیان ئاشکرا دەکەن، لەمەشدا ئەدیبان بە تێکستەکانیان یارمەتییەکی زۆری زانایانی دەروونی

دەدەن تا لەڕووی سایكۆلۆژییەوە لێكۆڵینەوەی لەسەر بكەن.)) (٥)

كەواتە بەرهەمی ئەدەبی و هونەری خاوەنی ڕەهەندی دەروونییە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باری دەروونیی خاوەن بەرهەم پیشان دەدات، هەربۆیە دەروونشیكاریی ((ئاشكراكردنی ئەو هۆكارە شاراوانەی نیۆرسیە، بە مەبەستی ڕزگاركردنی نەخۆش لە چنگ دژایەتییەكانی خود و لەناوبردنی نیشانە پەرێشانكەرەكانی ئەم نەخۆشییە و ئەو بارودۆخەی كە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر گرانە...)) (٦)

لەم ڕوانگەیەشەوە دەبینین ((هیچ میتودێك هێندەی دەروونشیكاریی تەفسیر و ڕاڤەكردنی جیاواز و هەمەڕەنگی بەرهەم نەهێنا، ناوی ئەدلەر، ڕایش، ئەریك فرۆم، ماركویز، تا دەگاتە جاك لاكان بەسە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی و هەمەڕەنگی میتودەكانی فرۆید ئاشكرا بكات.)) (٧)

پەیوەست بەم لایەنەوە ((كەم میتودیش هێندەی دەروونشیكاری بوارە جیاوازەكانی بیری مرۆڤایەتی ناچاركردووە برێكی زۆر لە چەمك و زاراوەكانی بەكاربهێنێ... فرۆید و قوتابییەكانی لەڕوانگەی دەروونشیكارییەوە كاریگەرییان بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا هەبووە و شیكردنەوەیان بۆ كارە ئەدەبییەكانیش كردووە و لەمەڕ داهێنانی ئەدەبی بیروبۆچوونی خۆیان هەبووە و لەهەمان كاتیشدا كارە ئەدەبییەكان ببوون بە پێگەیەك بۆ پتەوكردنی بیروڕاكانیان لەبارەی دەروونزانی سوودی دوولایەنەیان هەبووە.)) (٨)

پەراوێزەكان:

(١) فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١١، ل١١٣- ١١٤.

(٢) میتودی ڕەخنەی دەروونی لەبواری ئەدەبدا، ڕێبین خەلیل، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٧٠)، ٢٠١١/٧/٥، ل٥٦.

(٣) چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، عەلی تاهیر بەرزنجی (د)، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٩٤.

(٤) تیۆری ئەدەب، شكری عەزیز ئەلماضی (د)، وەرگێڕانی: سەردار ئەحمەد گەردی، ل١٦٩.

(٥) فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی، ل١١٥.

(٦) شیكردنەوەی دەروونی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، تێری ئیگڵتۆن، وەرگێڕانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان، چاپی یەكەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣٢.

(٧) ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا، ل٦٩.

(٨) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

سەرچاوەكان:

- بە زمانی كوردی:

١- ئاشنابوون بە فرۆید، كۆمەڵێك نووسەر، چاپی یەكەم، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٧.

٢- بنەماكانی دەرونزانی گشتی، عیزەدین ئەحمەد عەزیز، چاپی چوارەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٣- تیۆری ئەدەب، شكری عەزیز ئەلماضی (د)، چاپی یەكەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

٤- دەروونشیكاری شیعر، پێشڕەو عەبدوڵلا، چاپی یەكەم، ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥- دەقە شیعرییەكانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە (لێكۆڵینەوەیەكی دەروونشیكارییە)، سامان عیزەدین سەعدون، چاپی یەكەم، دەزگای غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٥.

٦- ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن دا، هەڵمەت بایز ڕەسووڵ، چاپی یەكەم، دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠١٢.

٧- ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەكانی لەتیف هەڵمەت دا، هاوژین صلیوە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٨- فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،٢٠١١.

- بە زمانی عەرەبی:

(١) أسس علم النفس، أحمد محمد عبدالخالق، الطبعة الثالثة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ٢٠٠٥.

(٢) الانسان وعلم النفس، عبدالستار ابراهيم، الطبعة الاولى، سلسلة عالم المعرفة، كويت، ١٩٨٥.

(٣) نظرية الادب، رينيه ويليك و أوستن وارين، ترجمة: محي الدين صبحي، الطبعة الاولى، المجلس الاعلى للفنون والعلوم الاجتماعية.